# بەیانییەک  بەر لە کردنەوەی پەنجەرە

عبدولا  علی

بڕیار بوو
ماڵێک لە ئەوین.....ساباتێ لە گۆرانی
لەوپەڕی دنیا
تا گوڵەکان فریای کاڵ بونەوە نەکەون
لەبن سێبەری برژانگێکی بالابەرزا چێ بکەین و
بە شنەی شمشاڵی ڕێحانەم ئاشنا کەیتەوە،
لەبەر ڕەهێڵەی زوقما هاڵکرووما بوم
بێخەبەر لە هیچ
هاتیت و وەک کزەبا
لە پەنجەرەی دڵەی شکاوت دام
وەک پەپولە بە گڕی دەرون
بە بای باڵی هەناسەیەکی شێدار
مێخەکبەندەکانی ئەم سوتانستانەی ناخمت
هەڵقرچاند،
دەی با وای دانێین
ژیان باخاتێکی کۆچ کردوە
بۆ سوچێکی تەڕ لەو پەڕی بیرچونەوە
خۆ دەبێت زمانێک بێت
لە سەفەری سەرما بگات و
لە توڕبوونی پایزان
گۆزەیەک پڕ کات لە ئەوین.
هێڵنجم دێ
لە عشقی مار خواردوی ئەم سەردەمە تابوتستانە
لەم هەمو نەخۆشی بیرچونەوە...گریانم دێ و
تورەم لە مەیلی گۆڕان،
ئەو هەر دەڵێ دەڕۆم و
منیش دەڵێم لە بەیانییەکی بەفران بارا
ئەوکاتەی زەمین و زەمەن
بۆنی کفنی یەقینی لێدێ....چاوەڕوان بە

**چاوەڕووانی هەناسەی کۆلارەیەک**
**بەسندمی ئەهریمەنەوە،**
**ئەودەمانەی تاڵ تاڵ قژی کەوتوی مانگ دەگرێتەوە.**
**نازانم!**
**ڕەنگە بێمە دیدەنیت**
**وەلێ ئەوکاتەی ئاسنی  بارێوی سەرشەقام دەیکاتەوە،**
**ئەودەمەی بەهار بە خۆی و گۆرانییەکەوە**
**درنگ....درنگ....**
**دەڕژێتە سەر تەوێڵی تاگرتوم.**
**نازانم!**
**ڕەنگە نەیەمە دیدەنیت**
**ئەو کاتەی تابوتێکی ئەرخەوانی**
**وەک کچێکی هاروهاج چاودادەگرێ و دەڵێ**
**تەنها شەوێک وەرەو**
**لە گەرمای هەناسەتم هەڵکێشە**
**لە سوتە مەڕۆی چاوتدا  پڕم کە لە شەوق.**
**ئا!**
**ڕەنگە نەیەمە دیدەنیت**
**ئەوکاتانەی شوێن تیلەی چاوی  تابوتێک دەکەوم**
**تابوتێک**
**سەر ڕێژە لە ڕەنگی وەنەوشەی ئاخ و**
**لێوان لێوە لە ڕەنگی ئەرخەوانی داخ.**
**من ئالودە بەسەماکردنی**
**سەر شوشە شکاوەکانی عیشق نەبوم**
**عەیامێک بوو**
**سیلەی چاوی کار ئاسکێکی کەڵەگەت**
**بە پەنجەی غوباری  با**
**گەڵا زەردەکانی دیدەنیمی بە شەوارە نەخستبوو**
**ئەو گەڵا ڕەنگ مسیانەی**
**بە ترپە ترپی خوێنی پەنجەکانم.... لە سنگیان**
**ناوەکەتم نەخشاندبو.**
**دەزانم!**

ئەم شەویش وەک باڵندە باڵ خوێناویەکانی دڵم
بەرەو ئەزەلیەت دەخزێ
ئەوەی دەمێنێ
منێکم لە تەمی پەرت پەرت،
خەونم دی!
تۆ گۆرانیت دەوت و من دەگریام
تۆ دەگریایت ومن گۆرانیم دەوت،
بەیانییەک بەر لە کردنەوەی پەنجەرە
چاوەڕێتم
ڕەنگە بێیتە دیدەنیم
ڕەنگە فرمێسکێکی وون بووم
دەستی دامێنت بگرێ،
نازانم!
ئەوەندە دەزانم
تۆ لە من وونی و
منیش لە تۆ وون.

مارسی2007